# سەرزەمینی خەوداکان

# خەوداکان

سەرزەمینی

# سەرزەمینی خوداکان

ناوی کتێب : سەرزەمینی خوداکان
ناوی نووسەر: ئومێد عەلی
بابەت : شیعر
دیزاینی بەرگ : عادل زرار
دیزاینی ناوەوە : داستان بێستون
هەڵەچن: سەنگەر زراری
چاپخانە: تاران
نۆبەتی چاپ : یەکەم ٢٠١٧
تیراژ : (١٠٠٠) دانە
نرخ : (٤٠٠٠) دینار
ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە ( ٦٣ ) ی ساڵی (٢٠١٧)ـی پێ دراوە.

مافی ئەم کتێبە پارێزاوە ©
بەبێ ڕەزامەندی نووسەر، هیچ کەس و لایەنێک ڕێگە پێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە.

Umedalijaff@gmail.com

# سەرزەمینی
# خوداکان

بژاردەیەک لە هۆنراوەکانی
ئومێد عەلی
٢٠١٧

# ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٩ |
| دەرگا داخراوەکان | ١١ |
| ورتەورتێکی درەنگ وەخت | ٢٤ |
| پێکی تەنیایی | ٢٧ |
| تکای باخەوانێکی میهرەبان | ٢٩ |
| زاڵم و مەزڵوم | ٣٢ |
| هەر رۆژە و رەنگێک ئەنوێنم | ٣٦ |
| ئاشتی | ٣٨ |
| سەرسوڕمان | ٣٩ |
| ژووان | ٤٠ |
| چاوشارکێ | ٤١ |
| بیردۆز | ٤٣ |
| سەرابی ئەوینێکی دوور | ٤٥ |
| تەرمێک خۆی دەنووسێتەوە | ٤٧ |
| سەرزەمینی خوداکان | ٤٩ |
| قەیرە سێو | ٥١ |
| پاکبوونەوە | ٥٣ |
| رووتبوونەوە | ٥٦ |
| کۆتوبەند | ٥٩ |
| گەڕانەوە بۆ لای خودا | ٦١ |
| ئەوین لەسەر ریتمی باران | ٦٣ |
| دڵێک هەمیشە روو لە ژن | ٦٤ |
| رێگاکان | ٦٥ |
| کانیاوی چێژ | ٦٦ |

| | |
|---|---|
| با بچین بۆ ئاسمان | ٦٨ |
| چیرۆکی خۆشەویستی هەتاو | ٧٠ |
| دۆنادۆن | ٧٢ |
| جەنگ لە دووتوێ ی نامەیەکی دڵداریدا | ٧٤ |
| گرێ کوێرە | ٧٧ |
| گۆرانییەکی رۆژهەڵاتی | ٧٨ |
| ئەو نامانەی بەر لە خۆکوشتن نووسراون | ٨٢ |
| لە تۆدا خۆ دۆزینەوە | ٨٤ |
| دایکی مانگ و باوکی هەتاو | ٨٥ |
| رەگ | ٨٦ |
| ڤیرۆنیکا خۆی کوشت | ٨٧ |
| شەقەی باڵی ژن | ٨٩ |
| گۆڕستانی نێودەوڵەتی | ٩١ |
| جیهانی ئادەم و سێوەکەی حەوا | ٩٤ |
| ژن | ١٠٢ |
| سنوورەکان | ١٠٣ |
| کتێبی پیرۆز | ١٠٤ |
| خۆشەویستی لەسەردەمی کۆلێرادا | ١٠٥ |
| سەردەمێکی مۆمیاکراو | ١٠٦ |
| زەریای ئەوین و جۆگەلەی زمان | ١٠٨ |
| ئاواسادە، هێندە بێگەرد، خۆشمویستی | ١٠٩ |
| منم قاروون | ١١٠ |
| توێ توێ دەمرم و زیندوو دەبمەوە | ١١١ |
| کارمامزەکانی پێدەشتی خەیاڵم | ١١٧ |


# پێشەکی

من بەر لەوەی شاعیر بم نامەنووس بووم، زۆرجار کوڕگەلی گەڕەک و هەندێک جاریش کچان بۆ نووسینی نامەیەک، خەزێنەی پڕ لە نهێنی دڵیان بۆ هەڵدەڕشتم و منیش پارچە شکاوەکانی دڵیانم کۆدەکردەوە و بە چەند دێڕێک مەعدەنێکی ترم لێ دروست دەکرد، کە پێیان دەوت (نامەی دڵداری).
نامەکانی من لە زۆر شوێندا دەشاردرانەوە، لە ناو گیرفان و کیفی پارە و ژێر کڵاودا، لە ناو ستیان و لە بەینی مەمکەکاندا، تەنانەت هەندێکیان لە ناو پرچیاندا دەیانشاردەوە، بەم جۆرە نامە بە سەدان ترس و لەرزەوە دەگەیشتە دەستی دڵدار.
دوای ئەو سەردەمە دەستم بە نووسینی شیعر کرد، لەوکاتەوە تا ئێستا هێشتا وادەزانم نامەنووسەکەی جارانم، چونکە من جگە لە شوێنکەوتووی هێزێک هیچی تر نییم، هێزێک کە جار و بار لە جیهانی پەنهانەوە دەردەکەوێت و پێم دەڵێت بنووسە، من لە ئاستی ئەودا بێ حاڵ و زمانم، لە هەر بارودۆخ و شوێن و زەمانێکدا تەشریف بێنێت، دوای دەکەوم و هەرچی بفەرمووێت من هیچ کارێکم نییە جگە لەوەی فەرمایشتەکانی بنووسمەوە.
من ئەو شیعرانە لە سەر تاتەبەردەکانی رۆحم دەنووسمەوە، لەم جیهانە جەنجاڵ و پڕ لە جەنگ و خوێن و رق و ئازارەدا،ساڵەهایە تێدەکۆشم بۆ ئەوەی رۆحێکم هەبێت بتوانم لە سەر تاتە بەردەکانی شیعر بنووسمەوە، وەک شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: (من بۆ ئەوەی گەڵایەک بنووسمەوە، درەختێک ئەخوێنمەوە)، لە بەری داری دەیان بیرمەندی جیهانییم خواردووە بۆ ئەوەی بتوانم ئەم گەڵایانەتان بۆ بخەمە سەر سفرەی رۆحم.

ئـەم بەرهەمانـە بەشـێکن لـەو شـیعرانەی لەمـاوەی دە سـاڵی رابـردوودا نووسـراون، لـە هیـچ دێڕێکـی دا خیانەتـم نەکـردووە، وشـەیەکم نەکردووەتـە بـار بەسـەر ئـەوی تـرەوە، رێگـەم نـەداوە پیتێکـی خـەواڵـووی بێهەسـت خـۆی بخزێنێتـە نـاو دڵـی رسـتەیەکی عاشـقی چاوگەشـەوە، هەمـوو پیـت و وشـە و رسـتەکان بـە ویسـتی خۆیـان ئاشـنایەتی و دراوسـێیەتی یەکتریـان هەڵبـژاردووە، لەنـاو دنیـای بـێ بنـی خەیاڵیشـدا، هەرجوانییـەک ویسـتبێتی میـوان بێـت کردوومەتـە خانەخـوێ لەنـاو شـیعرێکدا، لـە هـەر دەریایەکدا ماسـییەکی ئەوینداری لـێ بووبێت بەسـەرم کردووەتـەوە و لـە بیابانێکی کاکی بـە کاکیشـدا ئەگـەر درەختێکی پیری چاوەڕوان هەبووبێت سـەرێکم لـێ داوە. زۆربـەی تێکسـتەکان لـە هیندسـتان نووسـراون، هیندسـتان هـەر لـە دێـر زەمانـەوە بـە (سـەرزەمینی خـوداکان) ناسـراوە، هەردووشـاکاری (رامایانـا و مەهابەهاراتـا) سـەدان سـاڵ بـەر لـە زایـن لـە لایـەن خوداوەندەکانیانـەوە نووسـراون، ئێسـتا تەنیـا هیندسـتان سـەرزەمینی خـوداکان نییـە، بەڵکـو سـەر ئـەم هەسـارە بچکۆلەیـە بووەتـە سـەرزەمینێک بۆپەرستشـی ملیۆنـان خـودای جـودا و جیـاواز، وەک مەولانـای روومـی دەڵێـت: (حەقیقـەت ئاوێنەیـەک بـوو شـکا، هـەر پارچەیەکـی کەوتـە لای یەکێکمـان). مـن لـەم شـیعرانەدا هەوڵـی زۆرم داوە بـۆ ئـەوەی پەیامـی هێـزە پەنهانەکە بگەیەنم بە ئێوە و پێتان بڵێم کام پارچەیان لەوی دیکە باشترە، هیوادارم نامەبەرێکی دەستپاک و راستگۆ و رەوان بووبم.

ئومێد عەلی
پایزی ٢٠١٦/ هەولێر

# دەرگا
# داخراوەکان



## دەرگای یەکەم

ئەو شەوە
شەوی یەڵدا بوو
کە جێت هێشتم.
ئەو ساتانە هێند درێژ بوون
نە ڕۆژێک ونە دوو ڕۆژ و
نە ساڵێک و نە دوو ساڵ و
هەتا ئێستاش هەرتاریکە و
ئەو شەوەم هەر نەبڕایەوە



## دەرگای دووەم

کاتێک دێمە خەیاڵتەوە
نەکەی هەرگیز، توخوا نەکەی
دەرگای بیرتم لە سەر داخەی
بڕیار بێ بێزارت ناکەم
لە ژووری خەیاڵی تۆدا
جگەرەش داناگیرسێنم.
هاتووم بەرچنەیەک وشەم لە زاکیرەمدا داناوە
ئەیبەخشم بەو ئێوارەیەی خەیاڵی تۆ
کە هێندە تاریکی شەوی خواردۆتەوە
سەر خۆش بووە و قەت بەئاگا نایەتەوە،
ئەگەر سەد جار
ڕۆژ بێتەوە
ئەو ژوورە تاریکەکەی خۆی جێناهێڵێ و
یاسای سروشتی تێک داوە.



## دەرگای سێیەم


زەمەنێکە
دواچۆڕی
پێکی تەمەنی خۆمم
کردووە بە گەرووی مەرگا
بەڵام نازانم بۆ نامرم.
بە مەبەستی ژیانەوەش
بیرمە رۆژێک
بەناو حەزێکتا تێپەڕیم
بۆ سەردان چوومە ناو باخی خەیاڵتەوە
بەڵام لە جێی نوێ بوونەوە
سەری وشەم رووتایەوە
ریشی هۆنراوەم سپی بوو.

لەو باخەدا
نە پیرۆزی تاڵە گیایەک
نە پەلکە گەڵای خەونێکم
نە بۆڵێک ترێ ی خۆشبەختی
هیچم لەوێدا نەبینی،
ئەو باخە هێندە زەرد بوو
هەر لە شیعرێکی من ئەچوو
کە باسی تۆی تیا نەکرابێ.

گەر هەبوایە
هەگبەی هیوام
چۆرێک ئەوینی تۆی دەویست
دەمبەخشی بە گەورەیی خوا و
بێ نازییەکانی دایکم و
ساتە پێکەنیناوییەکانی ژیان.

## دەرگای چوارەم

دایکم
بەدەم دادانەوەی پەردەکانی ژیانەوە
کاتێک لە مەحشەری حوزنا
نامەی ئەعمالیان دەدایە دەستی چەپی،
بانگی کردم:
(هۆۆۆۆ و کوڕی خۆم
زۆر موحتاجی چۆڕێک عیشقم
گەر پێت کرا
هەر لەگەڵ فاتیحایەکدا بیپێچەوە و
بە ویردێکدا بۆم بنێرە،
باوکت سەد جار
لە بەرسیلەی حەزەکانم
شەرابی بۆ پیاوەتی خۆی دروست ئەکرد
تا ژنێتی من مەست بکات
کەچی کەس بەمەی نەزانی و
خواش بە هەڵە بۆی نەنووسی،




منیش
چونکە لە ژیانما
ئایەتێکی عاشقانەم نەژنەوتووە،
کەس
دوو حەرفی
لە ئەلف و بێ ی ئەویندارى فێر نەکردووم،
وەڵامی هیچ پرسیارێکی خودام بۆ نادرێتەوە).
هەناسەیەکی هەڵکێشا و
دایکم وتی:
لێرەشدا چەندە بێنازین
ئای خودایە؟!

## دەرگای پێنجەم

لە سەرووی حەوت تەبەقەی بێکەسیمەوە
خودا فەرمووی:
خەریکی چ خۆشخەیاڵییەکی نەگبەت؟
ئەو ڕێگایەی تۆ ئەگەیەنێتە لای من
تا لەوێوە چڵێک ئەوین
گەڵایەکی وشک و برینگی سوێ ی دڵت
بنێریتە باخی عەدەم
سەدان شیعری بێ ئیمان و
هەزاران وشەی بێهەست و
دەیان رستە لە خۆ ئەگرێت
کە بۆنی فیراقیان لێ دێت.
بە شووشەی نیوە بەتاڵی تەمەنتەوە
بۆ کوێ دەچیت؟!
ئەم دوا چۆڕە، جەستەی ئەم هەموو ئازارە ناشواتەوە.

## دەرگای شەشەم

کەمێک لەودیو پەنجەرە شکاوەکانی مردنەوە
تارماییەک سەرنجی لەسەر روخسارم گیر کردبوو،
ئەمجارەیان نە دایکمە و نە خودایە
نا، ئەمجارەیان ژیانە
وام زانی دەروەزە ئەکا،
وتم وەرە
یەک دوو قاپ تەنیاییم لایە و
بەرچنەیەک لە بێ کەسی و
جامی دڵم لێوانلێوە لە ئازار و
کاسەی  سەرم وا ژانی لێوە ئەڕژێ
من شاعیرێکی پیسکە نیم
چەندت ئەوێ پێت ئەبەخشم.



پیرە ژیان
دەستێکی بە ریشیا هێناو
یەک
دوو
وشەی کرد بە هەستما
وتی: من بە بێ خەم و ژان
ورشەیەکم
هیچ مانایەک نابەخشمە تاریکی شەو
شەونمێکم
تەعبیر لە گریانی هیچ خونچەیەک ناکەم
وا من دەڕۆم
پاش چەند ساتێک
بە شیعرێکدا
مێوژێکی وشک هەڵاتووی ئەویندارم بۆ بنێرە
باوکی دارمێوی کەنین و
دایکی نەسەبی خەندە بێ.



## دەرگای حەوتەم

پێکەنین: خۆراکی خۆشخەیاڵانە
بەختەوەری: چ درۆیەکی گەورەیە
هەر لە بەر خۆمەوە دەموت
ئەم ژیانە غافڵگیر بووە و تێناگات.
بەڵام ئەو وازی نەهێناو
دواجار شتێکی لێ فێر بووم،
وتی: هەرگیز لێمەگەڕێ
ئەم فرمێسکە بێ باوکانەت
هێندە لە ماڵ بچنە دەرێ و
لەناو کۆڵانی روومەتتا
خوو بە چاوشارکێوە بگرن،
با فێری جگەرە نەبن
لە خۆڕایی
بەرد نەگرنە پەنجەرەی هەستی هیچ کەسێک.

## دەرگای هەشتەم

ئای لە باخی خەیاڵی تۆ،
ئەو باخە هێندە زەرد بوو
هەر لە شیعرێکی من ئەچوو، کە باسی  تۆی تیا نەکرابێ.
هەگبەی حەزم
چڵێکی وشک و برینگی لە درەختی عەشقت دەویست
هێندە گەڕام
پشتی هیوام چەمایەوە
لاقی چاوەڕوانیم شل بوو
دەستی نزام هاتە خوارێ
لەو باخەدا هیچم نەدی.

هەموو شەیدابیەک پیرۆزی خۆی هەیە.
من ئاواتمە تەنها یەک جار
لەپی دەستم بە ئاوی دەریای ئەوینت تەڕ بکەیت و
هەر
هێندە
و
بەس.

ئامادەم
هەموو تەمەنم بگۆڕمەوە بە خەونێک
بەو مەرجەی تۆ لەوێ دەرکەوی،
دەرناکەوی.
پێم بڵێ بمرە با بێمە سەر گۆڕەکەت
دەمرم،
نایڵێ ی.
دەڵێم هانێ ئەوە دڵمت بۆ دەکەمە پشکۆ
جگەرەیەکی پێ داگیرسێنە،
دایناگیرسێنی.
خوازیارم
شوێنێکی تەنگ و تاریکم لە دڵتا بۆ بکەیتە زیندان،
نایکەیت.
دەلێم دەرکەوە،
دەرناکەوی.
دەڵێم
ئیتر مەیە بۆ ماڵی خەیاڵم،
دێیت.
دەڵێم بمکوژە،
نامکوژی.
دەلێم زیندووم بکەرەوە،
زیندووم ناکەیتەوە.

## دەرگای نۆیەم

خۆ ئەشزانم
ئەم ئەوینە
نابێتە خۆراکی هیچ مرازێکی خۆشبەختیم،
هیچ پەیوەندیەکی بە قەدەرەکانی شەفاعەتەوە نیە،
لە بنەچەدا
ئەچێتەوە سەر درەختێک
کە لە نەسەبی هیواکانی ئەو و
گەمژەییەکانی منەوە دروست بووە.
ئەوین هاوخەمی ژانێکە
لە ناخمدا ئەشنێتەوە
ئەوین هاوپێچی ئاهێکە
بەگەرووومدا هەڵسواوە و
لە رووما ئەبریسکێتەوە.



زستانی ۲۰۰۷/ هەولێر-کوردستان



## وورتەورتێکی
## درەنگ وەخت

پیاوێک دەیوت:
هیچ بەڵایەک وەکو ئەوین
توانای قڕکردنی نیە،
هیچ سوپایەکیش وەکو ئەو
دڵ ناکات بە ژێرخاکەوە.
پیاوێک بوو لە رەنگی هەتاو لە ساتی ئاوابوونیدا،
خەونەکانی
لە جامەدانەی سەر سەری باپیری رەحمەتیم ئەچوون
چەند ساڵ لە سەری پێچابوو
نەیهێشت ئاوی لێ بکەوێ
کەچی رۆژێک ویستی بیشوا
لە کۆنیدا پارچەیەکی نەمایەوە و هەمووی دڕا.

دەیوت: لە تافی لاویدا
عاشقی کچە قەرەجێکی دراوسێ ی ماڵ داپیرم بووم
چەند ساڵ گوزەشت نەمتوانی هیچی پێ بڵێم،
رۆژێک گۆزەی شەرمم شکاند
حەیام خستە گیرفانمەوە
وتم کچێ خۆشم ئەوێ ی
لە شەرماندا بوورایەوە و
ئیتر ئەو کچەم نەبینی،
رەنگی پیریم هەر لەوەوە وەرگرتووە،

لە چاوی ئەودا نووسرابوو
جلی رەش بۆ نەخۆشی سووتانەوەی عەشق باشە
هاتم پۆشیم.
دەیوت فرمێسکی غەمباران
یەکاو یەکە بۆ حاصڵ بوونی مرازان
رشتم
نۆشیم.

ڕۆژێک لە گوندەکەماندا بەفر ئەباری
تۆپەڵێک بەفری تێ گرتم
لە خۆشیانا
ڕشیم وەک و بەفری لێهات.
ئاگری شەڕ، بڵێسەی مەرگ
لە نیگاکانی ئەباری
من ڕازی بووم چاومی بۆ بکەمە کوانوو
بە کەیفی خۆی تا کوێر ئەبم
چز و سکڵ و گڕی تێکات.

ئەوەندە بۆی نوشتامەوە
هێندە سوژدەم بۆ قەدی برد
هەتا پشتم چەمایەوە.
ئەو بوو بە شاهی تەختی دڵ
جڵەوی عەقڵی لێ سەندم
من هیچم بۆ نەمایەوە.

بەهاری ٢٠٠٥/ هەولێر-کوردستان

## پێکی تەنیایی

گەر تۆ نەیەیت
تەقەڵای هیچ هێزێک پێکی تەنیاییم ناشکێنێ.

هەزاران جار
ئەستێرەکان بە شەوگاردا
دەستە دەستە جیلوە و جوانییان بۆ ناردووم
نەیانتوانی چۆک بە تەنیاییم دابدەن.

هەموو رۆژێک
رووبارەکان بە شەپۆلدا
هاژەیان رووت ئەکردەوە و
ئەیاننارده ژووری تەنیایی منەوە
بەو ئومێدەی پێکی تەنیاییم بشکێنن،




کەچی هەروا بێباکانە
لە خۆمدا ئەبووم بە ووشە و
لە تۆدا ئەبووم بە شیعر.
من ئەزانم
دەنگی شکانی ئەم پێکە
لەگەڵ دەنگی پێیەکانتا دەست پێدەکا.
بێ هودەیە
گوێ گرتن لەو سەمفۆنیایەی
تەعبیر لە دەنگی تۆ نەکا.
بێ بایەخە
تێڕامان لەو تریفەیەی
رووخساری تۆم پیشان نەدا.

پایزی ٢٠٠٦/ هەولێر-کوردستان

## تکای باخەوانێکی میهرەبان

به داپیره بڵێن
با ئەوەندە حیکایەتی مەرگ
بۆ کچه چاوکاڵەکانی گەڕەک نەگێڕێتەوە.



خەڵاتی ڕێزلێنان
ببەخشن بەو دارسنەوبەرانەی
که ناهێڵن خەزان بچێته ڕۆحیانەوە.

به هەرمێ بڵێن با لەبەر خاتری ئێمه
لەوەزیاتر خۆی زەرد نەکاتەوە،
لەکاتی پێگەیشتنیدا
ئەگەر وەک و سێوە لاسوورە ئاڵ بوایه
ئیشتیهامان زیاتر ئەبوو بۆ خواردنی.

هەنار تێبگەیەنن
ئەوەندە سنگ و بەرۆکی خۆیمان بۆ نەکاتەوە،
خۆشی بکوژێت
له ڕەشەرەیحانه جوانتر نابێت.

ئامۆژگارییەکی نێرگز بکەن
با ئەوەندە بە دڵسافی بۆنی خۆیمان بۆ پەخش نەکات،
باجی ئەو هەموو راستگۆییەی ئەومان بۆ نادرێت.

چیتر پێشوازی لەو (با) یە مەکەن
کە لە بیابانەوە هەڵدەکات،
هێندە بە باڵای ئاسماندا هەڵمەڵێن
لە کاتێکدا ئێمە لە ئەستێرە جوانترین.

ئینجانەیەک هاژە بە قەرز لە تاڤگە وەرگرن،
ئیتر لە دەنگی رەشەبا وەڕز بووین.

دەستەودامەنی شەمشەمەکوێرە بن
با لەمە زیاتر خۆیمان لێ نەشارێتەوە،
تاوانی ئێمە چیە
ئەو خۆی دڵی لە رووناکی رەنجاوە؟!

سوپاسی ئەو کەنارییانە بکەن
کە شەڕەکانی ئێمەیان بە گۆرانی سارد ئەکردەوە.

دەستی ئەو پەپوولەیە بگوشن
کە سەد جار دڵمان شکاند و هەر جێ ی نەهێشتین.

پۆزش بۆ پەڕەی ئەو گوڵانە بهێننەوە
کە دڵیان لە پیاسەی ئێوارانی ئێمەدا شکا و
بە رقەوە باخچەیان بەجێهێشت.

ئیتر ئەوەندە لە (مام زۆراب) مەپاڕێنەوە
(مەڕۆ مەڕۆ مێوژمان دەوێ)
ئەگەر بەراستی ئێمەی خۆشئەوێ
با سەبەتەکەی پڕکات لە گۆرانی.


بەو کچە هەتیوەی دراوسێشمان بڵێن
با
بەو جۆرە
ناز
بەسەر
تەنیایی
مندا
نەکات
هاکا سێبەرەکانمان پێکەوە کەوتنە ژوان بەستن.

هاوینی ٢٠٠٧/ هەولێر-کوردستان

# زاڵم
# و
# مەزڵوم



(با) زاڵم نییە
خەتای درەختەکانە بە کۆیلایەتی راهاتوون
شانازی بە سەر لەقاندن و سنگ کوتانەوە ئەکەن
ئەی نابینی هەر ئەو دەرئەکەوێ
ئەمان دەست ئەکەن بە خۆبادان و نوشتانەوە؟!



ئەگەر
دادگایی
بکرێت

پایز بێتاوان دەرئەچێ،
گەڵاکان زۆر ترسنۆکن
بە نیگایەکی سوکەڵە
ئاماژەیەکی نیوەگۆ
هەموویان لە تەختەکانیان دێنە خوارێ و
پەل و پۆی دار بەجێدێڵن
دەست ئەکەن بە کڕنوش بردن
سنگ لە زەوی ئەخشێنن
هەڵئەبەزن، دائەبەزن
وردیشیانکەیت ناڕەزایی دەرنابڕن.

ئاسمان هیچی نەوتووە
ناوێرێ هاوارێک بکات
بزوسکەیە، تریشقەیە، بنێرێ بۆ ئەستێرەکان،
زەوی لێرەوە ئەلەرزێ و لایەکی دێتە خوارەوە.
خۆر ئەبینێ دائەگیرسێ
مانگ ئەبینێ ئەکوژێتەوە
بەملادا ئەسووڕێتەوە
بەولادا ئەخولێتەوە
بەس بۆ ئەوەی دڵی کەسی لێ نەڕەنجێ.

ئاو
لەوپەڕی لاوازیدایە کە پەرت ئەبێ
بە دە دڵۆپیانەوە
چاری هەناسەیەک ناکەن
بە بەستوویش
بە تیشکێکی قەدباریکی خۆر ناوێرن،
بیانخەرە سەر کام لوتکە زۆر بڵندە
چک چک دائەچۆڕێنەوە
بە ناو زەویدا رۆئەچن،
با ئەیانبا
یا لە شێوەی تۆزێک هەڵما ون ئەبن و لەخۆئەچن.

هەر ئەم ئاوە
کە یەک ئەگرێ
ئەتوانێ کام پۆست گەورەیە وەریبگرێ
ببێتە پاشای سروشت و گەورەی زەوی
ببێتە فەرماندەی زەریا و
حوکمڕانی سوپای باران،

ئەتوانێ بمانبەخشێت و
ژیانمان پڕکات لە جوانی
یان
توڕە بێ و
رامانماڵێ و
بمانبات بەرەو داڕووخان.



*ساڵی ٢٠١١ لە ژمارە ٣٨ ی گۆڤاری نەوشەفەقدا بڵاوبووەتەوە




## هەر رۆژەو
## رەنگێک ئەنوێنم

لەگەڵ کراسەکەتا مۆر دائەگەڕێم و
لەگەڵ چاوەکانتا رەش.
کە ئەتبینم سوور ئەبمەوەو
کە لێم دوور ئەکەویتەوە
رەنگم زەرد ئەنوێنێ و
قیافەتم وشک وشک ئەبێتەوە.
کە لەژێر ساباتی پەیمانەکانتا دائەنیشم
کە لەگەڵ یادەکانتا
ئەکەومە ورتەورت و گفتوگۆ،
چراخان لەناو سەرما دائەگیرسێ و
دەستەکانم پڕ ئەبن لەپشکۆی ئەوین و
دڵم لێوان لێو ئەبێت لە(تۆ) و
یەک پارچە ئەبمە رەنگ
ئەبمە پەلکەزێڕینە.

که خۆتم لێ ئەشاریتەوە
که حەزناکەیت ناویشم ببیستی
که ناتەوێ بزانم لەکوێیت و چی ئەکەیت
که مۆبایلەکەت دائەخەی
که دەرگای ماڵەکەت کیلۆن ئەدەیت و
گڵۆپەکان ئەکوژێنیتەوە و
ناوەکەشم لەدەفتەری یاداشتەکانتا رەش ئەکەیتەوە،

ئیتر من ئەمرم
وەک مردوو
رەنگ پەڕیو بێ هۆش
سپی سپی ئەبمەوە.

بەهاری ٢٠١١/ هەولێر-کوردستان



## ئاشتی

خۆزگە ژیان ماچێک بووایە،
تەنها
یەک
ماچ.

خۆ هیچ نەبێ
ئەو کاتانەی هێرشمان ئەبرد بۆ یەکتر
شمشێرەکانی ناو دەستمان
خۆشەویستی لێ ئەچۆڕا.

گەر وا بوایە
دڵمان بەرگەی بیستنی
هەواڵی مەرگی پەپوولەیەکی نەئەگرت،
دەستمان نەئەچووە تێکدانی رەوتی ژیانی مێروولەیەک.

ئێواران
لەگەڵ ئاودا مەجلیسمان گەرم ئەکرد و
بەیانیانیش
لەگەڵ شەونمدا بەرچاییمان ئەخوارد.

هاوینی ٢٠١١/ هەولێر-کوردستان

## سەرسووڕمان

من نازانم
بۆچی دڵم وا شێت بووە؟
ژیانم
چی لە تۆ ئەوێ؟
هەرکاتێک لە گەڵ خەیاڵما ئەچینە جێژووانەوە
ئاسمان
ماچم تێ ئەگرێت و
بەهار
گوڵم پێشکەش ئەکا و
هەرجارێکیش حەزم لێ بێ
زەوی
لەگەڵما ئەخەوێ
لەوە زیاتر من چیم ئەوێ؟!!

زستانی ٢٠١١/ هەولێر-کوردستان



## ژووان

ئیوارەیەک وەرە بۆ لام
تا پێت بڵێم
ئەوین چۆن بنوسینەوە
لەسەر لەپی دەستی هەتاو.
خۆشەویستی چۆن دەنەخشێت
لەسەر رووی مانگ.
ئێوارە بە ئاوابوونەوە سەر قاڵ ئەکەین.
خۆمان ئەچین بۆ ماڵی شەو
لەوێ و لەو تاریکییەدا ژوان ئەبەستین.

زستانی ٢٠١١/ هەولێر-کوردستان

# چاوشارکێ

خۆت لە من ئەشاریتەوە؟!
پێم بڵێ لەکوێ؟!
وەک پەپوولە
لەژێر پەڕی ناسکی گوڵا ، یان  لەناو گەڵای دارانا؟!

خۆت لە من ئەشاریتەوە؟!
پێم بڵێ لەکوێ؟!
وەک فریشتە
لەژێر سنگ و مەمکی هەورا ، یان لەناو قژی بارانا؟!

خۆت لە کێ ئەشاریتەوە؟!
لە ئەو پیاوەی نیگاکانی بە دواتا کردووە بە شۆڤار
لە هەر شوێنێک بیت لە لاتن؟!
بێ ئەوەی بە خۆت بزانی، نزاکانی ئەتپارێزن،
پاسەوانی دەست لەسەر سنگی باڵاتن.

شیعرم هەیە
لەگەڵ هەوادا ئەخەوێ و بە بارانەوە نووساوە،
لە هەرکوێ بیت باسی تۆ ئەهێنێتەوە.



خەیاڵیشم هێند هەستیارە،
گومانی ناخ
حەزی شەرمن
نامەی خەت کاڵی بەر فرمێسک
تەنانەت رازی نهێنی چاوانیشت
بەجوانی ئەخوێنێتەوە.

دە پێم بڵێ، خۆت لە کێ ئەشاریتەوە؟!

پایزی ٢٠١٢/ بانگەلۆر-هیند

## بیردۆز

ئەی خانمان،
ئەی جوانترین دەستکردی خوا و
بۆ منی پیاو دیاری ئاسمان.



ئەزانن بۆچی ئەوەندە
چاوم عاشقە جەستەی
ژنە و وا تەماشاتان ئەکەم؟!
بۆچی هێندە
سەیری سنگ و
سمت و ران و گەردن و
باڵاتان ئەکەم؟!

بۆچی قەت تێرنابم لێتان؟!
حەزم لێیە لەگەڵتانا ئاوێتە بم
بمکەنە خاکی نەرمەشێ ی بەری پێتان؟!

من لە جنسی ئەوانە نییم
دەیانەوێ حەزی پیسی نێرسالاری
لەناو خاکی پڕ لە فەڕی ئێوەدا بەتاڵکەنەوە.
ئاواتیانە هەموو شەوێ
سمی رەمزی پیاوەتییان
لەناو کارگەی پڕ لە چێژی ناسکیتاندا ناڵکەنەوە.



من دڵنیام لەناو جەستەی هەر ژنێکدا
لە ناسکی و ڕەنگدانەوەی هەر بەژنێکدا،

جوانییەک هەیە تا ئێستا
هیچ کەس پەی پێ نەبردووە،
(جەلیزادە*)ش
کە بە شیعر هەموو شەوێ
لەگەڵ کچێکدا ئەخەوێ
ئەویش دەرکی بەو جوانییە نەکردووە.

من هەوڵ ئەدەم
ببمە زانای جوانناسی و
دواهەمین جوانی لە ژندا بدۆزمەوە.
هەتا ماوم
دەست لە سەیری قەد و باڵاتان هەڵناگرم
تا ئەم خەونەم دێنمە دی و ئەم هەلە ئەقۆزمەوە.

پایزی ۲۰۱۲/ بانگەلۆر-هیند

*جەلیزادە: شاعیر قوبادی جەلیزادە



## سەرابی
## ئەوینێکی دوور

منم حەزرەتی زەمانە
دایک و کۆرپەم جێ هێشتووە.
چاوەکانم، دوو ئاسمانی تەماوین و
هەزاران تاوە بارانی خوێناوییان هەڵڕشتووە.

لەو رۆژەوەی بە جێم هێشتوون
بەسەدان پێک لە شەرابی چاوەڕوانییم خواردووەتەوە.
هەموو شەوێ ئارەزوویەکی عەییارم لەخاچ داوە و
تەرمەکەیم بۆ لای ئەوان ناردووەتەوە.

ئەمێستاکەش لە بەرچاومە
وا (هاجەرە) ی خەونەکانم (سەفا و مەروا) ی ئازار ئەکا.
بۆ دۆزینەوەی منی دوور بێ ئۆقرەیە و
هەر بەخەیاڵ سەفەری شارە و شار ئەکا.

بەحەسرەتە بۆ خواردنەوەی پڕی مشتێک
لە ئاوی دەریای ئەوینم.
ئەو کاتانەی دەریا ئەگۆڕێت بۆ سەراب
دڵی منیش خورپە ئەکاو
هەر لێرەوە ئازارەکانی ئەبینم.

کچۆڵەکەم وەک  (ئیسماعیل)،
پاژنەی حەزی لە خاکی سنگم ئەخشێنێ.
بەڵام لەبری ئاوی  (زەمزەم)،
خۆشاوی خەم، زوخاوی مەرگ دەردێنێ.

وەک (ئیبراهیم) کۆرپەکەی خۆم ناکەمە قۆچ بۆ خوداوەند.
چوون گشت هەورێ نایبارێنێ بارانی سۆز،
تا وەک ئەوان شین و رۆڕۆی سەربڕینم بۆ بگۆڕێت بە زەماوەند.

من لە جێ ی ئەو رۆح و دڵ و سەری خۆمم بۆ خودا کردۆتە قوربانی.
بەس بەو مەرجەی جارێکی تر بگەڕێمەوە بۆ لایان
بڵێم کچم ئەمەیە نیشتمانی من، نەک تاراوگە و جوانییەکانی.

بە نازەنینەکەم بڵێم
هەی شەکرە ژن
جاران بە دوای خەیاڵێکدا
سنووری حەوت نیشتیمانم بە پێ ئەبڕی.
ئێستا لەبەر چاوی تۆیە،
 زەڕەیەک خاکی نیشتیمان
نادەم بە قەصری قەیسەری.

پایزی ٢٠١٢/ بانگەلۆر-هیند



# تەرمێک
# خۆی دەنووسێتەوە

تۆ منت کوشت،
بەڵام دڵمت فەرامۆش کرد بیوەستێنی
هێشتا وازی نەهێناوە و بە یادی تۆوە لێ ئەدا.
تۆ منت کوشت،
بەڵام پەنجەمت لەیادچوو بیوەرێنی
ئەمێستاکەش ئەو ئەڵقەیەی هەر تێدایە
کە یەکەم رۆژی ناسینمان بە منت دا.

تۆ منت کوشت،
لەو کاتەدا حەزم ئەکرد
پەنجەیەکت بۆ دواین جار
پێڵوەکانم بە سەر پەنجەرەی بینینما داداتەوە.
چەند خەمناکە ئەو ساتانەی
چاو لە رێ ی نیگایەک ئەبی
ئەویش سارد سارد جێت دێڵێت و ئاورێشت لێ ناداتەوە!

تۆ منت کوشت،
بەڵام مۆری ماچەکانت
لەسەر لێوم نەسڕییەوە.
هەڵەت کرد، ئازیز هەڵەت کرد
ئاخر بۆچی هەر ئەو کاتە لێوەکانمت نەبڕییەوە؟!

ئێستا کەس لە من ناپرسێ
بۆ دۆزینەوەی نهێنی رازەکانم.
بێ ئەوەی هیچ بە من بڵێن
ئەزانن ئەو زۆر شت ئەڵێ، ئەچن بۆ لای لێوەکانم.

ئەها کە ویستت بمکوژی،
وتم تووخوا با مردنی یەکجاری بێ.
وتت باشە خەمت نەبێ،
وات لێ ئەکەم ئەم چیرۆکە لەناو دڵتا
دواهەمین باسی ئەوین و دڵداری بێ.

بەڵام نەتکرد

من لە دوای تۆ بە مردوویش،
هەزاران جار لەرزی عاشق بوون گرتوومی.
یادەکانت هەر وازیان لێ نەهێناوم
ئەو ئازارە هەموو شەوێ تا کەناری مەرگ بردوومی.

زستانی ٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیند



## سەرزەمینی
## خوداکان

پەرستگایەکی گەورەیە ژیان.

پیاوێک
بە دەوری (کەعبە) دا دەسوڕێتەوە و
دەمێکی تر دەبێتە حاجی.

ژنێک
لە دێرێکدا، بە دیار پاکیزەیی خۆیەوە دانیشتووە و
چاوەڕێ ی هاتنەوەی مەسیح دەکات.

زەردەشتییەک
خەریکە ئینجانەیەک بیری چاک
ئەبات بۆ دراوسێیەکی موسوڵمانی و
دڵنیا نیە ئەو لێ ی وەردەگرێت یاخود نا.
منیش خەریکم پەرتووکی جوانییەکانی تۆ تیلاوە ئەکەم و
هەموو جارێکیش کە دەگەمە کۆتایی خەتمی چاوت
ئایەتەکانی سوورەتی ئەبرۆت دێنە زەینمەوە و
سەر لە رەوتی بێ غەل و غەشی ئیمانم ئەشێوێنن.

گەورە کچێک
لەبری زەکاتی ساڵێکی تەمەنی
شەوێکی تا سەحەر بەخشییە کوڕێکی لاو.

منداڵێک لە گەڵ باوکیدا
لەناو چەمی (سێ رووبار*) دا
نزا بۆ پاک بوونەوە لە گوناهەکانی دەخوێنێت.

گوێم واتێوە دایکم ئێژێ
هۆ خوا گیان
لێڵ کەسێکا حەشرم نەکەی
دەستی چووبێتە خوێنی پەپوولەیەک
لێڵ (عومەر) دا حەشرم بکە.

شیعەیەک لە عاشوورادا
(یـــا حســـــین)، (یـــا حســـین) ێتی و
منیش هەر (یـــا تـــۆ)، (یـــا تـــۆ) مە.

من تۆ ئەپەرستم و
تۆش خودا.

زستانی ٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیند

---

*هیندۆزەکان بۆ حەج کردن روودەکەنە چەمی سێ رووبار (تریڤێنی سەنگەمەم)، کە هەردوو رووباری گەنگا و یاموونا لەگەڵ رووباری خەیاڵی خواوەندە سەرەسۆدیدا لەوێدا تێکەڵ دەبن، ئەم چەمە دەکەوێتە ناوچەی ئەڵائاباد لە ویلایەتی ئوتەرپردشی هیندستان.



## قەیرە سێو

قەیرە سێوێک
بە لقی تەڕی دارێکی
دراوسێ ی وت
لێمکەرەوە با لەوە زیاتر
سیس نەبم.


لە زۆنگاوی چاوەڕوانی دەرم بێنە
با ئەوەندە
لەناو باخی پڕ لە تانەی
قسەی خەڵکا
قەتیس نەبم.
رووباری ئەشکی خەماوییم تەماشاکە و
هەر هیچ نەبێ تەنها یەک جار
فرمێسکێکی شادومانیم پێ برێژە.
زیندوومکەوە
با لەناو گۆڕی نەریتدا نەمنێژن و
تۆ ببە بە فریادڕەس و
لە جێگەی خۆم ئازارەکانم بنێژە.

لق هاتە پێش دەستی هێنا

لەو کاتەدا
لێزمە بارانی شەریعەت
دایکرد بە تاو.
هەڵی کرد
رەشەبای رقی نێرسالارانەی بیری پیاو.

دووریان خستەوە
لقی دار بۆ شوێنێ دوور، بۆ لایە دی.
ئێستا و ئەوساش لێنەگەڕان
خەونی ئەو سێوە بێتە دی.

بەهاری ٢٠١٣/ بانگەلۆر-هندستان




## پاکبوونەوە

(شەرتی کرد ئیتر لە کوشتن بەس بکا یا رەب بکەی
ئەو وەفا بەم شەرتە کا ئەمما لە قەتلی من بە پاش)
«مەحوی»



بمکوتە
وەک کوتانی دەهۆڵێک
تا بزانی دەنگم لە نزیکەوە خۆشترە یا لە دوور.
بمسڕەوە
وەک سڕینەوەی دێڕێکی عاشقانە لە کەنار دەریا
بە شەپۆلی ئاو.
بمشارەوە
وەک شاردنەوەی مەمک
لە ترسی ئابڕوو چوون.
راومکە
وەک راوکردنی کەروێشکێک
لە دەمی جووت بووندا.

وەک
پشیلەیەکی چڵێس مامەڵەم لەگەڵدا بکە و بمتاسێنە.
وەک
ڕێوییەکی فێڵباز لێم تێبگە و کەوڵمکە.
وەک
مشتێک گەنم
لە خەزێنەی ژیان دەرم بێنە و
بمخەرە بەردەمی کۆترەکانت.
وەک
نامەیەکی کۆن
کە زەمەنی خوێندنەوەی بە سەر چووبێت
بمدڕێنە و بمدە بە دەم باوە.
وەک
شوشەیەکی ورد و خاش کۆمکەرەوە و
لە پێناو سەلامەتی ئەوانی تردا
پارچەکانم لە شوێنێکدا بپارێزە.



بمکڕە
وەک کڕینی کۆیلەیەک لە پیاوێکی سەرمایەدار،
با لەمەودوا من جانتاکەت بۆ هەڵگرم
با من دەرگای ئۆتۆمبێلەکەت بۆ بکەمەوە
با من چەترەکەت لەسەر سەرت بۆ ڕاگرم.

گومانت لە هەر خواردنێک هەبوو
بە منی تاقی بکەرەوە
ترست لە ئاگری هەر جەنگێک هەبێ
منی تێ فڕێ بدە
ڕقت لە هەر کەسێک هەستا
تۆڵەی ئەو لە من بکەرەوە.

بەڵکو پاک بمەوە
وەک پاک بوونەوەی سۆزانییەک
پاش گەڕانەوەی لە ماڵی خودا.
بەڵکو بەتاڵ بمەوە
وەک بەتاڵ بوونەوەی پیاوێکی هەوەس باز
دوای هاتنە دەرەوەی لە تیاترۆخانەیەک.

بەهاری ٢٠١٣/ بانگەلۆر-هندستان

# رووتبوونەوە



ئەو دەرگایە بکەرەوە
لەسەر جوانیت داتخستووە.
ئەو فەرشە هەڵبدەرەوە
لەسەر تەخت و تاجی
سنگت راتخستووە.

زوڵفت تاوانێکی نییە،
بۆ وەها دیلت کردووە.
تۆ شاژنێکی خراپی
بۆ مەملەکەتی جەستەی خۆت
تەماشاکە
هەرچی شوێنی جوانت هەیە
هەموویت زەلیل کردووە.

قەدی گەردن،
تەختی ران و نەرمایی لای هەردوو کەمەر.
لەوەتەی هەن رووناکیان بە چاوی خۆیان نەدیوە
لێیانگەڕێ با ئازاد بن،
با لەو زیندانە بێنە دەر.



قەفەزی سنگت والاکە
دوو کۆتری سپی خرپن،
پڕن لە چێژ،
پڕن لە خەون بۆ فڕین.

ئیزنیان بدە با بفڕن،
با شەقەی باڵیان ببیستین.

با بزانن
بۆچی خودا خولقاندوونی،
هەست بکەن هەن،
بگمێنن.
با لەناو هێلانەی دەستما
سەما بکەن
لەگەڵ جووڵەی پەنجەکانما
ژیان پڕکەن لە گۆرانی
خۆشەویستی بەرهەم بێنن.



دەستت بێنە،
چاوت داخە،
لێوت بخەرە سەر لێوم.

جەستەی تۆ بەهەشتی منە،

لێم مەپرسە بە کام یاسا،
حەرام و حەڵاڵ ئەپێوم.

یاسا هەیە ،
بۆ سەر بڕینی ئەستێرە
بۆ قڕ کردنی گوڵ لە باخ.
یاسا هەیە
بۆ گواستنەوەی بۆنی خوێن،
زەمەن بە زەمەن، چاخ بە چاخ.

من شوێنکەوتەی یاسایەک نییم
کە پێم بڵێت یاساغە ماچ.
ئەگەر لە سەر ئەم باوەڕە
وەکو حەلاج بمدەن لە دار
وەکو مەسیح بمدەن لە خاچ.

بەهاری٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان

## کۆت
## و
## بەند

لەناو باخێکی گەورەدا
لقێک ویستی

تەنها یەک لق

لە بەند و باوی ئەو باخە تێپەڕێنێ
هاتن ئەویان بڕییەوە.

دێڕێک
لەناو کتێبێکدا

تەنها یەک دێڕ

ویستی بەدەر لەو مەبەستەی بۆی نوسراوە
مانایەکی تر ببەخشێت
نوسەرەکە
هات ئەو دێڕەی سڕییەوە.



خونچە گوڵێک

پێش خونچەکانی دراوسێ ی
چاوی بە جوانی هەڵهێنا
بەڵام ئەفسووس
وەک نۆبەرە
یەکەم گوڵ لێکرایەوە.

لە گەڕەکە تەنگ و تارەکەی ئێمەشدا
کە ناویان لێ ناوە ژیان
کام کچ دڵتەڕ و عەیار با

ئەویان زیاتر

لەگەڵ دەرد و خەم و ژانا ئەتلایەوە.

بەهاری٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان

## گەڕانەوە
## بۆ لای خودا

من پیاوێكی بێ ئیمانم
ئەگەر رۆژێك تۆبە بكەم
دەبمە موفتی
هەر ئایەتێك باسی خوێن و كوشتن بكات
ئەیسڕمەوە.

من پیاوێكی بێ ئیمانم
ئەگەر رۆژێك تۆبە بكەم
دەبمە باخەوانی باخچە
هەر درەختێك كە لەبار بێت
بۆ ئەوەی بكرێتە داری دەستی جەلاد
ئەیبڕمەوە.

ئەگەر رۆژێك تۆبە بكەم
دەبمە قازی
بەدزییەوە عاشقەكان لە یەكتری مارە ئەكەم.
دەبمە پزیشك
واز لە زامی جەستە دێنم
زامی دڵیان چارە ئەكەم.

من پیاوێکی بێ ئیمانم
ئەگەر ڕۆژێک تۆبە بکەم
ئەبمە مەلا

لەجێ ی وەعز
شیعر و چامەی ئەڤینداری
بۆ دینداران ئەخوێنمەوە.

بەفری ڕقی سەر دڵی پیاو
بە گڕی عەشقی دڵی ژن ئەتوێنمەوە.

ئەگەر ڕۆژێک تۆبە بکەم

دەبمە صۆفی

واز لە بەزمی دونیا دێنم،
ڕێگەی ئەوینی تۆ ئەگرم.

شەهید ئەبم
ئەگەر بێت و
ناوی تۆ لە سەر زارم بێ و
بە دەم ئەو زیکرەوە بمرم.

بەهاری٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان

# ئەوین
# لەسەر
# ریتمی باران



له هەر شوێنێک بێت قەیناکا
بۆم بنووسە
« خۆشم ئەوێ ی»

لەسەر رێگای سەرەکی شار
ئەو ساتانەی
رەوە ئەسپێک خەریکە دێن.


بە تەمی سەر پەنجەرەکەت
ئەو دەمانەی
شنەبایەک دێت و هەمووی دەسرێتەوە.
بە سووراوەکەت بینوسە لەسەر لێوت
ئەو کاتانەی
دەم ئەخەیتە ناو دەمی ئەو.
بە خەیاڵ
لە سەر ریتمی باران بۆم بنووسە
ئەیخوێنمەوە.
لە نیگای خۆتەوە
هەورێکم بۆ بخەرە سەر شێوەی دڵت
ئەچم و ئەیگرمە باوەش.

هاوینی٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان

## دڵێک،
## هەمیشە روو لە ژن

من دڵێکی هێندە پەپوولەییم هەیە
کاتێ ئەفڕێ
لەناو هەموو جوانییەکانی سەرزەمینا
تەنها و تەنها چاوی رەنگی ژن ئەبینێ و
لەسەر ئەو ئەنیشێتەوە.


من دڵێکی هێندە سپی و بەفرییم هەیە
کە ئەبارێ
بە ئاسمانا سەما ئەکا و خۆی با ئەدا
نایەڵێ بەر زەوی کەوێ
تا نەگاتە جەستەی ژنێ و
بە گەرمی ئەو نەتوێتەوە.



ئەو دەمانەی بووە بە ئاو
یان لێوی ژنێ تەڕ ئەکا
یان خۆی لە گەردنی ئەسوێ
یاخود لەسەر تەختی سنگی
بە مەمکیا خۆی هەڵئەواسێ.

کاتێکیش کە پەپوولەیە
بەهەشت بخەرە بەردەمی
ئەو رەنگ و بۆی ئافرەت نەبێ
هیچ شتێکی تر ناناسێ.

هاوینی٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان



## ڕێگاکان

ڕێگا زۆرن
کە دەمانبەن

بەرەو هەڵدێر
بەرەو دۆزەخ
بەرەو سوتان

کورت ترینیان
ئەوینی تۆ بوو، گرتمە بەر.

ڕێگا زۆرن
بەرەو بەهەشت

دوور ترینیان
رازی کردنی دڵێکە
دڵی ژنێک
هەرچی ئەکەم ناگەمە جێ،
ئەو ڕێگایە
لێوان لێوە لە ئازار و دەرد و کەسەر.

هاوینی٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان


# کانیاوی چێژ



بەقاڵێکی دەست بڵاوم
هەرزان فرۆش،
لە هەر شوێنێک حەزیان لێ بێ
بار و بنەم دائەنێم و
بێ بەرامبەر
باوەشێکی گەرم گەرم
ئەبەخشم بە باڵای ژنێ.

زەڕەنگەرێکی دڵ تێرم،
چۆنیان بووێ
باسکەکانم ملوانکەن و
دەستەکانیشم وەک یاقووت
دەبنە خوناوکەیەکی جوان
ئەچنە سەر تەختی گەردنێ.

سەر و کەللەم خەزێنەیە
گوێچکەکانم دوو دەرگای قوفڵ دراون
ناکرێنەوە تا نەبیستن ئاوازی نەرمی دەنگی ژن.



کە کرانەوە
بۆ قریشکە و پێکەنین و ناز و مەکر
بۆ باسی
مەمک و
ستیان و
لێوی پڕ و
قەدی توند و
گەردنی بەرزی وەک بلوور
دەبنە دەریایەکی بێ بن.

پایزی٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان



## با بچین بۆ ئاسمان

ڕۆژووەکەت بشکێنە هاوڕێ
خۆری خۆشبەختی ئێمە
دەمێکە ئاوا بووە.

قامەتی نوێژەکەت هەڵوەشێنەرەوە
زەوی بستێکی پیرۆزی لێ نەماوەتەوە
بۆ خودا پەرستی.

چەترەکەت داگرە
لەمێژە باران خۆشی کردووە.

کڵاوەکەت لا بەرە
زەمەنێکە هەتاو خۆی شاردۆتەوە.

ستیانەکانت فڕێدە
ئازادی هەردەم جوانترە لە زیندان.



دەستکێشەکانت داکەنە و
دەستەکانت بە هەناسەی من
گەرم کەرەوە
بزانە بە کەڵکی خۆشەویستی دێم؟!

ملپێچەکەت لە کەمەرت ببەستە
با زەمەنی تەوق و کۆت و بەند
بگۆڕین بۆ زەمەنی سەما.

رووت بە رووت
وەک فریشتە
وەک کچێکی دڵخۆشی کەنار دەریا
وەک ماسی
وەک ئاو
وەکو مانگ
با ئێرە بەجێ بێڵین و
وەک خۆشەویستەکانی خودا
لە ئاسماندا بژین.

پایزی٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان

# چیرۆکی
# خۆشەویستی هەتاو

هەتاو بەرلەوەی عاشق بێت
ئاوا نەبوو.

هێندە دوور و بێ دەربەست و
لەناو تین و تاوا نەبوو.

زەوی هەمووی موڵکی ئەو بوو
لە بەرزترین لووتکەوە
تا دەگاتە دەریاکان و چۆمی پڕ لە دار و درەخت.

پاشایەک بوو
ئاسمانی ئەکرد بە تاج و
سەرزەمینیش ئەبوو بە تەخت.

ئێوارەیەک لە دەم کەلدا
رەنگ و روخساری مانگی دی
بەدوای ئەودا خۆی ئاوا کرد
بۆ ناو قولایی شەوەزەنگ.

نەیدۆزییەوە، بۆ سبحەینێ گەڕایەوە
بێ تەخت و تاج، بێ بەرگ و باری پاشایی
رووت و رەنگ زەرد، کپ و بێ دەنگ.



لەو رۆژەوە
هەموو بەیانییەک هەڵدێ
تا ئێوارە چاوئەگێڕێ و
بۆ ئەو عەشقە وەکو دەروێش
هەر یا مەولا یا حەی ئەکا.

هەموو ئێوارەیەک ئەنوێ
هەتا ئەوپەڕی تاریکی
دونیای خەو بینین تەی ئەکا.

بەس بۆ ئەوەی یەک جاری تر
بە راستی بێت یان لە خەونا
دەم و چاوی مانگ ببینێ.

ئەوینی راستی ئاوایە
ساڵەهایە
نەدەگاتە وەسڵی دولبەر
نە ئەتوانێ واز لە عەشقەکەی بهێنێ.

هاوینی٢٠١٣/ بانگەلۆر–هیندستان

## دۆنادۆن



کێ ئەڵێ
من هەر ژیاوم؟
خەونێکی سەیرم نەدیوە!
کێ ئەڵێ
ئەم ژیانەیان
هەر لە خەیاڵ نەچنیوە؟!!

من هەم
یان نییم؟!!

خۆم تێناگەم
تۆ پێم بڵێ
ئاخۆ من چیم؟!!

دڵۆپێک ئاوی مەیوو بووم
کەوتمە سەر بەردی ژیان
بە تیشکی کات توامەوە؟!!

یان
رۆحی وشکی کەسێکی کۆچکردوو
بووم
لەناو کێڵگەی میهری دایکما ژیامەوە؟!!



تەنها ئەوەندە تێدەگەم
من و باران هاوسەفەرین
ئێمە هەردووک
نێچیری ناو تەپکەو داوی یەک قەدەرین.

ئاخر ئەویش
کە لە ئاسمان دێتە خوارێ
دەرفەتی نادەن بپرسێ
(بۆچی هاتم؟ بۆ کوێم ئەبەن؟)
زەوی هەڵی ئەمژێت و ژیانی ئەپێچێتەوە.

منیش دەمرم
بەڵام دڵنیا نیم ئاخۆ
ڕۆحەکەی من
لەناو جەستەی مرۆڤێکی میهرەباندا
یان لە شێوەی جەللادێکدا
ئەژێتەوە.

هاوینی٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان


## جەنگ
## لە دووتوێی
## نامەیەکی دڵداریدا

نامەیەکم بۆ بنێرە
سادە
وەک دڵی خۆم و خۆت
کورت
وەک چێژی ئەو ساتانەی پێکەوە بووین.

با بە تەنها یەک وشە بێ

بنووسە (باران) ئەزانم،
ئەتەوێ بڵێیت (بیرتەکەم).

بنووسە (با)
فڕینی تیا ئەخوێنمەوە
هەڵکردنی لێ فێر ئەبم.



بنووسە (ئاو)
کە ئەتەوێ رامپێچیت و
بمبەیت تا ئەوپەڕی رۆشتن.
بنووسە (ماسی)
کە ئێمە ناتوانین بێ یەک هەڵبکەین.

گەر ئەتەوێ کراسی تەڕی تەمەنم
تا دواین دڵۆپی لای تۆ ئاوەچۆڕکات
با ئەو وشەیە (تەناف) بێت.

هەر هیچ نەبێ
وێنەی کاڵی کۆترێکم بۆ بکێشە.

دواتر یەکێک لەو وشانە بسڕەوە
با بزانم ئاخۆ لە چی پەشیمانی؟

تۆ
ئەی ماسی
ناو حەوزی لیخن بە پاشماوەی نەریت و
ئەی کۆتری ناو قەفەزی پڕ لە دوکەڵ،

ناکرێت منت خۆشبوێ و
لە هیچیش پەشیمان نەبیت.

ئاساییە
گەر (باران) م بۆ نەنووسیت
با نامەکەت
وشەی (ئاو)ی تێدا نەبێ
وشەی (با)ش
ڕەش بکەرەوە

خەت
بە سەر (ماسی) دا بێنە
قەیناکا
با (تەناف)ەکەش لەوێدا هەڵوەشێتەوە.

بەڵام دەخیلتم چاوەڕێم
وێنەی کاڵی کۆترەکەم بۆ بکێشە
با بە خەتێکی ئاورنگی مەیلەو سپی
لەسەر باڵی نوسرابێت
جەنگ راگرن
با نەمامی عیشقێک بڕوێ.
با دایکێک بە بێ خەم بنوێ.
با نەفرەتکەین لە تیر و تۆپ
لە تفەنگ و سێدارە و خاچ.
با جەنگێکی تر بەرپاکەین
بەتیری زووان
کەوانی لێو
ناوی بنێین
یەکەم جەنگی جیهانی ماچ.

پایزی٢٠١٣/ بانگەلۆر–هیندستان




## گرێ کوێرە

خەم بۆ ئایندەی من ئەخۆیت؟
نزا ئەکەیت کەوا باش بم؟
نزا چ سوودێکی هەیە
کە من پارچە شووشەیەکی
فڕێ دراوی ورد و خاش بم؟!

کە جێت هێشتم
هێندە پەرت بووم
هەرچی ئەکەم
خۆمم بۆ کۆ ناکرێتەوە.
دابڕانمان
پرسیارێکی بێ وەڵامە
گرێیەکە تاهەتایە ناکرێتەوە.

پایزی٢٠١٣/ بانگەلۆر-هیندستان

## گۆرانییەکی رۆژهەڵاتی



بەشی پەڕینەوە
بە سەر پردی حەزێکی نەگریسدا
کچێنیتم بدەرێ و
دوای ئەوە
دڵت بدە بە چۆلەکەیەک و پێ ی بڵێ
ئەو پیاوە پەردەکەی بردم و
خەونەکانمی خستە ناو پریاسکەیەکەوە و
هەمووی دا بەدەم دەریاوە.

بەشی ماچێک لێوتم پێ ببەخشە و
دوای ئەوە
گەرووت پڕکە لە زریکە و
زمانت بنێرە بۆ جەنگ و
بیکە بە سەرباز
لە ریزی سوپایەکی فیمێنیستیدا.

بەشی گوشینێک
مەمکەکانت بخە نێو دەستەکانمەوە
ئینجا بڕۆ
لە بەردەمی مزگەوتێکدا
ئەو دەمەی مەلایەک
چیرۆکی عائیشە بۆ خواناسان دەگێڕێتەوە.

له ناو کەنیسەیەکدا
ئەو ساتانەی قەشەیەک
باسی چیرۆکی خۆشەویستییەکانی مەریەم دەکات
ئا لەوێدا،
یەک
یەک
کڵانەی سوخمەکەت
له پشتەوە بترازێنە.

من دەزانم
به منداڵیش
نەتهێشتووە دایکت کەمەرت بۆ بشوا،
ئەمێستاکەش
چوون هەناری خوێن تێزاوی بەرزترین لقی دار و
چوون بەفری سەر لوتکەی چیا و
چوون کەروێشکێکی خرپنی دڵ پڕ له ترس
له جەنگدایە و
نەیهێشتووە دەستی هیچ کەسێک بیگاتێ

بیدە به من

منیش عەگاڵ و جامانە و کڵاوەکەمت ئەدەمێ
لیرە و دینار و درهەمت پێ دەبەخشم.



بەڵام داوای دڵم نەکەیت

دڵم ئەبەم بۆ حیجاز و
پڕی ئەکەم لە خەوفی خوا و
لە نزا بۆ لێخۆشبوون و
باس و خواسی رۆژی دوایی و
تەرازووی چاکە و خراپە و
بە سەر پرد دا پەڕینەوە و
گەیشتن بەو حۆرییانەی
کە ژمارەیان حەفتایە و
هەریەکەیان حەفتا ئەوەندەی تۆ جوانن
رۆژی حەفتا جار جووت ئەبم
حەفتا جاریش
لەناو کەوسەردا خۆم ئەشۆم.



بەڵام داوای دەمم نەکەیت

دەمم لەگەڵ خۆما ئەبەم
بۆ کۆڕبەندی پاراستنی مافی ژن و
لە بەردەم هەموو جیهاندا
باسی یەکسانی پێ ئەکەم.

بەڵام داوای چاوم نەکەیت

چاوم ئەبەم بۆ پاریس و
لەوێ و لە ناو حەشاماتی پڕ لە جوانی و ئازادییدا
لە سنگەوە تا گەردن و
دووری نێوان ناوک و ران و
لە کووچەی پووز و پاژنەوە
تا دەگاتە دوا کۆڵانی پەنجەی کچێ
ئێواران پیاسەی پێ ئەکەم.

زستانی٢٠١٣/بانگەلۆر-هندستان

## ئەو نامانەی
## بەر لە خۆکوشتن
## نوسراون



باران
کە هەوری بە جێ هێشت
بە خوێنی خۆی لە سەر جەستەی زەوی نوسی
خۆشەویستم بۆیە خۆم کوشت.
خیانەتم لە پرچی سپی تۆ کرد و
پرچی سەوزی زەویم خۆشویست.

تاڤگە
کە خۆی بەردایەوە
هاواری کرد خۆم ئەکوژم.
چونکە خەریکم دوای لیکی دەمی کانی
سنگ و مەمکی تاشە بەرد و
لێوی کەناراو ئەمژم.



گەڵا دەیوت
ئەوسا کە لەگەڵ دار دا بووم
سەوز و گەش بووم.
بەڵام کە دڵم دا بە با
سیس بووم، هەڵوەریم، کەوتمە خوار
لە هەموو شتێ بێ بەش بووم.

پەروانە گوڵی جێ هێشت و
لە ناو باوەشی مۆمێکدا
سووتا و وتی کۆتاییمە.
منیش ئەگەر رۆژێک هات و دڵم گۆڕی و
کەوتمە دوای عەشقێکی تر
تەڵقینم لە سەر بخوێنە و
بزانە کە دوادواییمە.

زستانی ٢٠١٣/ بانگەلۆر-هندستان



## لە تۆدا
## خۆ دۆزینەوە

من وا نەبووم،
دەریایەک بووم
هەڵچوونم هەبوو تا ئاسمان.
داچوونم هەبوو تا ئاستی
کڕنووش بردن و داچەمان.

شەپۆل شەپۆل هاتمە کەنار بۆ دیدارت
تۆ نەهاتی و من بووم بە گۆم.

من خۆم نەبووم
هەندێک جار بچووک بچووک و
هەندێک جار گەورە گەورە بووم

توێ توێ خزامە ناو تۆوە
تا بووم بە خۆم.

زستانی ٢٠١٤/گۆوا–هندستان

## دایکی مانگ و
## باوکی هەتاو

مانگ دایکێکی هەیە جل ڕەش
پێ ی ئەڵێن شەو.

هەرکات بیەوێ بچێتە جێژوانەوە
کراسەکەی دائەکەنێ و
ئەیدا بە سەر رووی ژیانا و
هەموو گەردوون ئەخاتە خەو.

هەتاو باوکێکی هەس جل شین
پێ ی ئەڵێن ڕۆژ.

پیاوێکە دڵ تەڕ
زمان لووس
لەگەڵ ژناندا تا بڵێ ی
ناسک و پڕ میهر و قسە خۆش.

دایکی مانگ و باوکی هەتاو
دڵیان چووە لە یەکتری و
بە یەکیشەوە ئەخەون.

بەڵام دوژمنی سەرسەختی
عەشقی نێوان ئەم و ئەون!

زستانی ٢٠١٤/کێرەلا-هندستان

## ڕەگ

گەڵای دارێکم داتەکاند،
لق وتی: ئاخ جەرگم سووتا.

کاتێ لقم شکاندەوە،
ڕەگ وتی: هەناسە سارد خۆم
بەهار و جوانیم پڕوکا.

کە ڕەگەکەیم هەڵکێشا،
خاک وتی: من
هەرچیم هەیە با بۆ تۆ بێ،
گەرد بە گەردم بکڕۆژە
بەڵام
ئەو ڕەگەی لە لاتە
بە دوژمنی مەفرۆشە.

زستانی ٢٠١٤/بانگەلۆر–هندستان

## ڤیرۆنیکا
## خۆی کوشت*



دارێک ئەیوت:
تا چرۆ لە لەشم بڕوێ.
تا تاقە باڵدارێک مابێ
هێلانەم لە سەر چێ بکا و
بە ئاوازەوە بۆم بدوێ.

خۆم ناکوژم

رووبارێکیش کە لەوێوە تێئەپەڕی
ئەیوت:هەتا ئاو بڕوات و توانای لارولەنجەم هەبێ.
بۆ گوشینی سنگ و مەمکی چەم و کانی
باسک و قۆڵ و پەنجەم هەبێ.

خۆم ناکوژم

*(ڤیرۆنیکا بڕیاری مردن دەدا)، یەکێکە لە رۆمانەکانی پاولۆ کۆیلۆ

بەردێک ئەیوت:
ئەی خوشکە دار
تا هاژەی ئاو ئا لێرەوە بێت و بڕوا.
تا قەد و گەڵای سەوزی تۆ
بۆم ببن بە پشت و پەنا.

خۆم ناکوژم
چش لە بەدبەختی و کەساسی.

لەو کاتەدا کەسێک هات و
لە نزیک رووبارەکەوە
چووە سەر پشتی بەردەکەو
پەتێکی کردە گەردنی و
خۆی بەو دارەدا هەڵواسی.

بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان



# شەقەی
# باڵی ژن

دواى ئەوەی
سێوی ئەوینمان
بە چەقۆی نەریت لەت کرا.
دواى ئەوەی
باڵی ئازادی خەونەکانمان
بە کەلتووری پیاوسالاری باوباپیرانمان پەت کرا.

ئیدی خەمی منت نەبێ و
هەواڵم لە کەس مەپرسە.
ئێرە گوڵم
مەملەکەتی پڕ لە تەخت و تاجی پیاوە
ڕێگا زۆرن بۆ هەستانەوەی دوای شکست
لە لاوازبوونم مەترسە.

تۆ بفڕە بەرەو ئاسمانی ئازادی،
دڵنیابە منیش لەوێم.
تۆ بفڕە و ڕێگا بدە
شەقەی باڵت بگاتە گوێم.


بیشکێنە
ئەو زیندانەی بە نەریت بۆیان چنیوی.
نەفرەت بکە
لە هەموو ئەو یاسایانەی
کەوا چواردەوریان تەنیوی.

نزا بکە بۆ شکانی قوفڵی زیندانی ڕۆحی ژن.
پێش عەشقی من با عەشقت بۆ ئازادی بێ
کۆت و بەند بکە بە دوژمن.

تا تۆ دیل بیت نیشتیمانیش هەر دیل ئەبێ.
ئەویش وەک تۆ هەر ژێردەستە و زەلیل ئەبێ.

بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان

# گۆڕستانی نێودەوڵەتی




کۆرپەلەیەکی بچووکی
ناو منداڵدانی ژنێک بووم
تەمەنم بوو بە بیست و شەش
هێشتا دونیام نەبینیوە.

دایکم ئەڵێ
ئەو کاتەی کە ئەنفال کراین
بووکی یەک شەوەی باوکت بووم
هێندە ساڵە من چاوەڕێم
هێشتا بەری ئەو ئامێزەم نەچنیوە.

من شیعی بووم لە کەربەلا
نزام ئەکرد بۆئەوەی ئیتر هیچ کەسێک
خوێنی ئەویتر نەڕێژێ.
سوننەیەک خۆی تەقاندەوە
جەستەی هەمووانی رامالّی.

من سوننی بووم
شیعەیەک شەوێک بردمی
چاوەکانمی هەڵکۆڵی
دەستکانمی بڕیەوە
بە زیندوویی پێستی سەر رووومی داماڵی.



من هیندۆز بووم
بەیانیان گوڵم ئەچنی و
لەسەر ڕێگاکان ئەمفرۆشت
موسوڵمانێک
لە سەردەمی جەنگی نێوان خوداکاندا
هات و سەرمی بڕیەوە.

موسوڵمان بووم
سەدان خەونی جوانم هەبوو
دەمویست هەمووان لە سەر یەک سفرە دانیشین
هیندۆزێک هات
لە پێناوی کریشنادا
بە گوللەیەک منی کوشت و
خەونەکانمی سڕیەوە.

قەشەیەکی مەسیحی بووم لە نەیجیریا
ئەودەمەی کە بە زیندوویی
توندڕەوەکان ئاگریان لە جەستەم بەردا
ئەموت ئەگەر دەستێک لای چەپی ئازاردای
لای ڕاستت با ئامادە بێ.

ژنێک بووم لە ئەفغانستان
لە سەر ئەوین کوژراوم
ئاخر توخوا کەی ڕەوایە،
کوشتن، لووت بڕین، بەردباران
سزای ماچێکی سادە بێ؟!

هندی سوور بووم
لە ئەمریکا خوێنم ڕژا.
جولەکە بووم
لە ئەڵمانیا
بە چەکی دەستی نازییەک
سەرم پژا.

ڕەش بووم،
سپی خوێنی ڕشتم.

سپی بووم چوومە جەنگەوە
جەنگی ڕق و داگیر کردن
جەنگی بەشی هەمووان بردن
جەنگ تێپەڕی و
مێژووی پڕ لە شەرمەزاری بۆ جێهێشتم.

بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان

## جیهانی ئادەم و
## سێوەکەی حەوا


جەنگ
بە خۆی و پاسەوانەکانییەوە
خۆی دەکات بە نیشتیماندا و تۆ ئاوڕێک نادەیتەوە.

جەنگ
بە خۆی و ئارەزووەکانییەوە
دەڕژێتە ناو شارەوە و تۆ قسەیەک ناکەیت.

جەنگ
دێت و لە دەرگای ماڵەکەم دەدات و
تۆ هەواڵێکم ناپرسی.

جەنگ
بە کلێتەیەکی سوورەوە
بە جووتێک پۆستاڵی شەقار شەقار
بە غەدری زەمانە و
بە تفەنگێکی کۆن و
بە خۆم و پریاسکەیەک خەم و
پڕی مەتارەیەک ترسەوە،
دەمبات

ترس
لە مردن
ترس لەوەی
ئیتر تۆ نەبینمەوە
ترس لەوەی
بمرم و دواهەمین نامەم نەگاتە دەستت
ترس لەوەی
ئەم جەنگە هەر کۆتایی نەیەت.



تۆش
ئاخ لە دەست تۆ
لە بەردەم ئاوێنەیەکدا دادەنیشیت و
خەریکی چاوەکانت دەڕەژی.

***

جەنگ دەست پێدەکات و
من ئاگری ئایندەیەکی ناشرین
بە چاوەکانم دەبینم.
دێڕی ئەجەلێکی سەرتاسەری
بە دڵ دەخوێنمەوە.
لە سوچی کەلاوەیدا دادەنیشم و
لە بەینی برینی دیوارێکەوە
کە سەربازەکان بۆ پێکانی دڵی یەکتری دروستیان کردووە
لەوێوە تەماشا دەکەم و
یەک یەک تەرمی بێ شوماری مرۆڤەکان دەژمێرم.

لەو کاتەدا تۆ
ئاخ لە دەست تۆ
لێوەکانت لێک دەدەیت و
سەری رەزامەندی بۆ سووراوەکەت دەلەقێنی.
***
دەنگی تفەنگەکان بۆ چەند ساتێک خامۆش دەبن
من لە برینی دیوارەکە دوور دەکەومەوە
یەک یەک هاوڕێکانم بە مردوویی دەبینم و
دەمەوێت بگەڕێمەوە
لە دواوە دەمپێکن
بزوسکەیەک لە دەفەی شانمەوە دێت و
تەماشای سنگی خۆم دەکەم
خوێنی دڵم فیشقە دەکا و هێواش هێواش لە خۆدەچم.
لەو کاتەدا تۆ
ئاخ لە دەست تۆ
لە مەڵەکەت دێیتە دەر و
دەچیت بۆلای فاڵچییەک و
لە بەردەمیا لە سەر ئەژنۆ دادەنیشیت
دەستەکانت دەکەیتەوە
بە هێمنی لێی دەپرسی
بیخوێنەوە
ئەم ژیانە هیچی خۆشی تێدا ماوە؟

«نەخێر کچم»
ئەو وا دەڵێ،
تەماشاکە
لەسەنگەرەکانی جەنگەوە
جەنگاوەرێک نامەیەکی بۆ خاتوونێکی بێ وەفا جێ هێشتووە و
نوسیوێتی:
(تۆ هی من نیت
دوای عەشقی تۆ
خودای ئەکرد
جەنگێکی تری جیهانی هەڵدەگیرسا
خودای ئەکرد
مەمەشیریان پڕ ئەکرد لە خوێن بۆ منداڵەکان
خودای ئەکرد دوای عەشقی تۆ
نامەی پڕ لە ئەوینی دڵدارییان بە خوێن ئەشوشتەوە
خودای ئەکرد
هەرچی گۆرانی هەیە
دەمیان پڕ ئەکرد لە فیشەک.

تۆ هی من نیت
خودای ئەکرد
دوای عەشقی تۆ
زمانی بولبولیان ئەبڕی
وەجاغی تاوسیان کوێر ئەکردەوە
پەپولەیان ئەگێڕایەوە
بۆ سەر ئەسڵ و نەسەبی خۆی





خودای ئەکرد دوای ئەم عەشقە
لە جێی باران رق ئەباری
لە بری با مەرگ هەڵی ئەکرد
لە جیاتی دەریا
خوێنی بە ناهەق رژاوی مرۆڤەکان
شەپۆلی ئەدا
تۆ هی من نییت).
***
من ئەمرم و
لەم جەنگەدا
قابیل بە سەر هابیلدا سەرئەکەوێ.
ئەهریمەن لە ئاهورا ئەباتەوە و
لە سەر تەختەکەی دادەنیشێت.
دوای ئەوە
تۆ بەزۆر ئەدەن بە شوو
ئەو بە زۆر لە گەڵتا ئەخەوێ
جەنگێکی دیکە سەرهەڵدەدات و
ئەویش لەو جەنگەدا دەکوژرێ و
تۆ هێشتا

ئاخ لە دەست تۆ
لێوەکانت سوور ئەکەیت و
چاوەکانت ئەڕەژێت و
بە ناو دار و پەردووی خانووە وێرانەکانی دوای جەنگدا
بە ناو کۆڵانە خوێناوییەکاندا
بێباکانە دەڕۆیت

بێخەم لەوەی
پێ بنێیت بە دڵی ئەو سەربازانەدا
کە رۆژانێک پێش مردنیان
لە دڵی هەر یەکێکیاندا ژنێک هەبووە.
بە ناو ئەو هەموو تەرمە پووکاوەیەدا
خۆت دەگەیەنیتە ماڵی فاڵچییەکەو
هیچ کەسێک دەرگات لێ ناکاتەوە
هیچ کەسێک.
هیچ کەسێک لەو ماڵەدا نییە
لەوانەیە.
هیچ کەسێک لە شاریشدا نەبێت و
کێ دەڵێت
ئەم سەر زەمینە.
ئەرێ ئەم سەرزەمینە کەسی تێدا ماوە؟!

شار بەجێ دێڵیت و
لە دوورەوە
گۆڕستانێک بە دی دەکەیت.
لەناو ئەو گۆڕستانەدا
گومبەزێکی کڵاو شینی
چاو خەواڵووی دوکەڵاوی
بانگت دەکات
(وەرەو بەردێک بنوسێنە بە سنگمەوە
تا پێت بڵێم جەنگێکی دی کەی روودەدات).
هێشتا دووری
تۆپێک دێت و مەزارگەکە دەڕوخێنێت
ئا لەوێدا
ماندوو ماندوو
شەکەت شەکەت
لەخۆ دەچیت.
*

لە خەونێکدا منت بیر دەکەوێتەوە
لە باخێکدا یەک دەبینین
لەو باخەدا
دارمێو
دەستدەخاتە بینەقاقای یەک بە یەکی بێچووە ترێکانییەوە
بۆئەوەی چیتر لە جەنگدا نەتلێنەوە
هەموویان ئەخنکێنێت و ئەیانکات بە وردە مێوژ
ئەڵێ ئاوا
باشتر بەرگەی ژیان ئەگرن*

*بیرۆکەی ئەم دێڕە لە رۆمانی (دەلال-Beloved) ی تۆنی مۆریسۆنەوە وەرگیراوە.

پرتەقاڵەکان لە ترسی سەربازەکان
هەموو لەشیان بەگەڵا دادەپۆشن و
هەنارەکان یەک یەک بەرۆکی خۆیان دادەڕن و
لە داخی ئەم جەنگە ناکۆتایە
دەنک دەنک خۆیان فڕێ دەدەنە ناو دەریای بێ بنی فەنا
بوونەوە.
خەم روخساری ساف و لووسی سێوەکانی دەپۆشیوە و
بروا ناکەیت بەو گەنجییە ئەو هەموو لۆچە کەوتۆتە سەر
روخساریان.


تۆش سەرپۆشە رەشەکەت
ئەکەیتە ملی دارسنەوبەرێکی رەنگ پەڕیوی بێ هیوای زەرد
لە نێوان مەرگ و ژیاندا
وا خەریکە بە ئاگا دێیت.



نانا نەکەیت
نەگەڕێیتەوە بۆ ژیان
ئەوێ کەسی لێ نەماوە
هەر لەوێدا و لەو خەونەدا
لە تەنیشت ئەو باخچەیەوە
تەماشاکە و سەرنج بدە
بە ملیۆنان تەرمی لێیە
من لەوێم و یەکێکم لەو کوژراوانە.

بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان

# ژن




گرنگ نیە
ئازار چەند بست لە جەستەمی داپۆشیوە.
چەند پێک خەمم
لە مەیخانەی تاڵی ژیاندا نۆشیوە.

گوێ نادەمێ
ئەگەر هەموو مەینەتییەکانی سەر زەوی
بەشی من بێ.
ئەگەر هەموو برینەکان
جێگەیان سەر لەشی من بێ.
با تەنیا بم
با ژوورەکەم وەک هەمیشە سارد و سڕ بێ.
با چوار دەورم
هەر وەک ئاشی ئاو لێ بڕاو کپ و کڕ بێ.

مادام لە ناو
کۆشکی سووری دڵی ژندا
خاوەن جێگا و تاج و تەختم.
پڕ بە گەرووم هاوار ئەکەم
هەزار سوپاس بۆ تۆ ئەی ژن
من خۆشبەختم
من خۆشبەختم.

بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان



## سنوورەکان

کچێکی رووسیم خۆشئەوێ
نە ئەو
لە من تێ ئەگات و
نە من
زوانی ئەو فێر ئەبم.


بەڵام کاتێ ماچی ئەکەم
لێوی ئەڵێ
پێویست ناکات بۆ یەک بدوێن
نە تۆ
لە ماچ شیرین ترت دەست ئەکەوێ و
نە من
لە لێوت تێر ئەبم.

بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان

## کتێبی پیرۆز

دایکم
لە نائومێدیدا
هەموو بەیانییەک سەیری
کتێبێکی پیرۆز ئەکات
ئەڵێ
بەشکو پەیامێکی هێنابێ لە لای خوداوە.

ئەڵێم دایکە
چی بوو؟ نەگەشت؟
ئەڵێ نازانم کوڕی خۆم
سەر لەم نامانە دەرناکەم
چونکە کتێبەکەی خودا
بە کوردی نەنوسراوە.



بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان

## خۆشەویستی
## لەسەردەمی کۆلێرادا*

تۆ نایەیت بۆ ماڵی ئێمە
ئەچیت بۆ جەنگ.
نامەکانی من ناخوێنیتەوە،
تۆ لە جەنگیشدا
نامەی گیرفانی سەربازە کوژراوەکان کۆئەکەیتەوە
گوڵ ئەنێیت بە دڵی دوژمنەوە
ماچیان پیا ئەتەقێنیتەوە
خواخوایانە داگیریانکەیت
دیلەکانیان
بە پرچ
بە مەمک
بتاسێنی.

بەهاری ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان

*خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرادا، یەکێکە لە رۆمانەکانی گابریێڵ گارسیا مارکیز.

## سەردەمێکی مۆمیاکراو

گەر ئالان پۆی*، ژنەکەی و
من، دایکم و
تۆ، من ت
لە دەست نەدایە
هیچمان نەدەبووین بەو کەسەی
کە ئێستا هەین.

ئەو، ئازار و
من، مردن و
تۆ، بەختەوەرییت ئەزموون کرد.

ئەو، خەیاڵی رەش داگەڕا و
من، (بوون) م لە خۆم داڕنی و
تۆ، لێرەدا دائەگیرسێیت
لەوێدا ئەدرەوشێیتەوە.

دوێنێم
لە لای تۆ بیر چووە
بۆم بخەرە ناو زەرفێکی
بێ بەرواری تیژپەڕەوە
با کە گەیشت،
ناردنەکەت نەبێتە دەمی رابردوو
ئەتوانیت ئەوەم بۆ بکەیت؟

*ئالان پۆی: ئیدگار ئالان پۆی شاعیری ئەمریکی (١٨٠٩-١٨٤٩).



پارم
لەژێر درەختێکدا لێ وون بووە
ئەتوانیت بانگم کەیتەوە
بۆ جێژوانی ژێر هەمان دار
بۆ زەمەنێک
کە ژمارەی گەڵاکانی هەروەک خۆی بێ و
هیچ لقێکی نەشکابێ و
باڵای نە زیاد بووبێ نە کەم
ئەتوانیت ئەوەم بۆ بکەیت؟

دوێنێم لە لای تۆ بیر چووە
پارم لە لای تۆ لێ ون بوو.

من دڵنیام
لەم جۆرەیە دابڕانمان،
وەک دەرچوونی تیر لە کەوان.
وەک جیابوونەوەی ئاو لە هەور
(بوون) بە باران.


هاوینی ٢٠١٤/بانگەلۆر-هندستان

# زەریای ئەوین و
# جۆگەلەی زمان

تۆ زۆر داوا ئەکەیت
ئەی دۆست
ئەتەوێ ئەو دارستانەی
لەناو کاسەی سەرمدایە
بیخەمە ناو تابلۆی تەماشایەکمەوە و
بەیەک سەرنج
بیخوێنیتەوە و تێیبگەیت.

تۆ زۆر داوا ئەکەیت
ئازیز
ئەتەوێ ئەو زەریای عەشقەی
لە دڵمایە
بە جۆگەلەی زمانمدا بۆت بنێرم،

جیهانی تۆ لە ناو مندا
هێندە قوڵ و فراوانە
سەختە بتوانیت پێ ی بگەیت.



پایزی ٢٠١٤/هەولێر-کوردستان

## ئاوا سادە
## هێندە بێگەرد
## خۆشم ویستی

ئەو دەمەی کە عاشقت بووم
بەربوومەوە
وەک بەربوونەوەی دڵۆپە بارانێکی ناشارەزا
بۆ ناو دەریا.
توامەوە
وەک توانەوەی تۆپەڵە بەفرێکی سادەی
بەرهەتاوی سەر ترۆپک و لوتکەی چیا.

وەک گەڵایەک
خەزان جاڕی مەرگی دابێ،
وەک نەمامێکی کەم ئەزموون
هەمیشە حەریفی با بێ،

ئاوا سادە
هێندە بێگەرد
خۆشم ویستی.

پایزی ٢٠١٥/هەولێر-کوردستان



## منم
## قاروون

کلیلی خەزێنەی دڵی
یارم لایە،
خاوەنی فەرشی حەوت ڕەنگی
بسک و زوڵف و
کۆشکی باڵا و
دەروازەی دەم و لێوان و
قەڵای مەمک و
پێدەشتی گەردن و ڕانم
منم قاروون.

زستانی ٢٠١٦/هەولێر-کوردستان

## تویَ تویَ
## دەمرم و
## زیندوو دەبمەوە

من ئەوەندەی لە بیرم بێت
پێشتریش چەند جارێک مردووم.

لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمدا
گەنجێکی هەژدە ساڵان بووم
حەزم دەکرد
کچێکی ئەسمەری چاوڕەش هاوسەرم بێ
چەند سەرێک مەڕ و بزن و
ماڵێکی بچکۆلەم هەبێ.

باوکم وتی:
دەبێت لە پێناوی خودا و خەلافەتدا
بچیت بۆ جەنگ
بەڵێن بێ کە گەڕایتەوە
ئەچمە داوای کەژاڵ و بۆت ئەخوازم،



من بە خۆشی چاوی گەشی کەژاڵەوە
باش لە بیرمە
بە کراسێکی
تەسک بۆ جەستەی خرپن و
شەرواڵێکی
تەنگ بۆ هەردوو رانەکانم
بە شمشێرێکی ژەنگاوی و
پریاسکەیەکی بچوک و
مەتارەیەک ئاوی زوڵاڵی لادێوە
کەوتمە رێ،
نەگەیشتمە شوێنی مەبەست
کەسێک پرسی:
(هاردان گەلەرسەن؟ هارە گیدەرسەن؟)
بەر لەوەی دەرفەتم بدات
بڵێم من تورکی نازانم
ئەو کوشتمی.

من ئەوەندەی لە بیرم بێت
پێشتریش چەند جارێک مردووم
لە سەردەمی شەڕی نێوان براکاندا
پێشمەرگە بووم
کورد بوون و عەشقی نیشتیمان
کردبوومیە هاوڕێی تفەنگ.

ڕۆژێک بە سنگ و بەرۆکی
چیایەکی گەردن بەرزی نیشتیماندا
سەردەکەوتم،
بە دۆڵێکی پەرچەم سەوزی
ڕوومەت چاڵدا تێدەپەڕیم،
دەستنووسی لۆچی سەد ساڵەی
دەموچاوم دەخوێندەوە،
لە نیگای پڕ لە ئومێدی
چاوی کاڵی سەربەستیدا
نوقم بووبووم.
لەو کاتەدا، کەوتمە ناو کەمینەوە
وتم کاکە بۆ دەمکوژن؟
ئێمە هەموومان کوردین و
با ئەم شەڕە کۆتایی بێت.
ئەو دەمەی گوللەی یەکەمیان
نا بە لای چەپی دڵمەوە
گوێم لێ بوو یەکێکیان ئەیوت:
(ئون پێدەر سوختە چی میگە؟).

هەر لەم سەدەیەی پێشوودا
لە 83 کوژرام و
لە 84 دیسان لە دایک بوومەوە.

لەو کاتەوە
لەنێوان ژیان و مەرگدام
پێم وانیە
کەسێکی زۆر ناشرین بم!

دوو چاوی ساغ
باڵایەکی مامناوەنجی
دەم و زمانێکی خۆشم
بەلاوەیە
بەڵام نازانم بۆ هیچ کەس رازی نییە
بۆ ماوەیەک
دڵی خۆیم لا جێبێڵێ؟!

وا هەست دەکەم
کە مردووم و
هەر بۆ ئەوە گەڕامەوە بۆ ناو ژیان
تۆ بمبینی و
تۆ ببینم.



یەکەمین جار کە تۆم بینی
ئەو چیرۆکانەم لە یاد کرد
کە تێیاندا کوژراوم
بریارم دا بە یەکجاری
بگەڕێمەوە بۆ ژیان.
خۆ ناکرێت
تۆ هەبیت و
بە دڵ منت خۆشبوێت و
من مردبم
نا ناکرێ!

بەڵام ئێستا
زۆر خراپ تۆم لێ وون بووە

دەڵێن ئێواران دێتە دەر
بە ژیاندا تێدەپەڕی،
کەچی من هەر وامزانیوە
تۆ هەتاوی و
کە بەیانیان دنیا رووناک دەبێتەوە
من ئەو کاتە سۆراغتەکەم.

دەڵێن شەوان دەردەکەوی
کەچی من هەر وامزانیوە
تۆ ئاسمانی و
بە عەبایەکی شینەوە
خۆت پیشانی گەردوون دەدەی
من هەر بە رۆژ لێت دەڕوانم.



من هێشتا چاوەڕێی تۆم و
ئەو مەخلوقە بێ ئاگایە
ئەو پۆستەچییە نەفامە
زەمەن دەڵێم
نامەیەکی بۆ هێناوم
لێی نوسراوە:
(ئەو نایەت و
تۆش نۆرەی مەرگت هاتەوە).
منیش هەرچەندە پێی دەڵێم
ئەم نامەیە بە هەڵە بۆ من هاتووە،
کەچی ئەو بڕوام پێ ناکات
مەگەر هەر تۆ دەرکەویت و
ئەم مردنەم
لە بیر زەمەن ببەیتەوە.

زستانی ٢٠١٦/هەولێر-کوردستان

# کارمامزەکانی
# پێدەشتی خەیاڵم

## کارمامزی یەکەم

ماڵی خەیاڵم ئاوابێ
ئێواران زەردەپەڕ ئەچنێ
شەوان تا خەو ئەیباتەوە تریفە ئەهۆنێتەوە
لە خەونێکدا
هەمووی ئەکات بە تەسریحە و
ئەیدا لە وەهمی پرچی تۆ.

## کارمامزی دووەم

ژیان هەرچەندە جەنجاڵ بێت
من نازانم
لەودیو ماڵەکەی ئێوەوە چی ئەگوزەرێ
من
بیر لە تۆ ئەکەمەوە
تەنیا لە تۆ
تۆ
ئەی دنیای جەنجاڵی من.

## کارمامزی سێیەم


خەمی منت نەبێ
ژووری تەنیاییم درزێکی تێ بووە
لەوێوە سەیری ژیان ئەکەم
تۆ لەوێوە تێناپەڕی بێ وەفا.

## کارمامزی چوارەم

بەسەر تەنیاییەکی لووسدا
غلۆر دەبمەوە و
دەکەومە باوەشی تۆوە،
خەونێکی چەندە شیرینە
ئەم عیشقە.

## کارمامزی پێنجەم

دڵی من تەنگ نییە،
خەمی تۆ هێندە گەورەیە
لە هیچ کوێ
جێی نابێتەوە.




## کارمامزی شەشەم

با زەمەن تێپەڕێ و
با پیربم
تۆ لە لام بیت
لێو ئەنێم
بە ڕەنگی شەرابیی
کاسەی خۆرئاوا بوونەوە و
بە دواساتەکانی
ماڵئاوایی ساڵێک لە تەمەن
مەست ئەبم.

## کارمامزی حەوتەم

دڵم بۆچییە؟
کە تۆ لەودیو پەنجەرەکەوە نەبیت.
چاو بە کەڵکی چی دێت؟
کە باران بباریت و
تۆ بە هەڵمی هەناسەت ڕووپۆشی بیناییم نەکەیت.
دڵم کونێکی تێبووە
ئەگەر تۆ بێیت
ئەیکەم بە پەنجەرە،
هەردووکمان
لەوێوە سەیری ژیان ئەکەین.

## کارمامزی هەشتەم



دڵم چووە لە کراسەکەت
ئەو پاشای سەرزەمینێکە
ئاوێنە و
ئاو و
با نەبێ
کەس نایبینێ.

## کارمامزی نۆیەم

چی دەبوو ستیان نەبووایە؟!
با من بە دوو چاوی سەر و
لەودیو کراسێکی تەنکی گوڵگوڵەوە،
مەمکم وەک خۆی
بە خڕپنی و
بە گۆپکە و
لار و لەنجەوە
ببینیایە.

بەهاری ٢٠١٦/هەولێر-کوردستان

(تۆش دەتوانیت لێرەدا بۆ یادگاری شتێک بنووسیت)